# ئەو شیعرانەی بە دوو شاعیر نووسراون

أ.م.د.عبدالله خضر مولود
كلية التربية – القسم الكردي

**کورتەی باسەکە**

ئـەم باسـە (ئـەو شـیعرانەی بـە دوو شـاعیر نووسـراون) بابـەتێکی تـازە دەور دەکاتـەوە، لەبـەرەو پـێش بـردن و زیـادکردنی هونەرەکانی شیعری کوردی، ڕۆڵی گرنگی خۆی دەبینێ.

باسەکە وەك دەسپێك، بابەتێکی زۆر کۆنی شـیعری کوردیمـان دەوروژێنـێ، کـە تـا ئێسـتا هـیچ لای نووسـین و لێکۆڵینـەوەی لێ نەکراوەتەوە. ئاشکرایە ئەم جۆرە باسانە دەبنە هۆی ئەوەی پانتایی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردیمان فراوانتر دەبێ و هونـەرەکانی شیعریمان گەشەی زیاتر بەخۆوە دەبینن.

**پێشەکی**

**ئەو شیعرانەی بەدوو شاعیر نووسراون، هەوڵێکە شاعیرەکانمان داویانە بۆ دەوڵەمەنـد کردنـی هونـەرەکانی شیعری کوردی، ئەویش دیارە بەرهەمێکە لەنێوان دوو شاعیردا.لەبەر ئەوەی ئەو جۆرە شیعرانە هـیچ باسـیان لێوە نەکراوە، بۆیە ئێمە بە پێویستمان زانی شتێکی لەسەر بنووسین.**

**ئەم باسە لەدوو تەوەر پێکهاتووە:**

**١- ئەو شیعرە هاوبەشانەی شاعیرەکانیان دیارن و ناویان لە بەرامبەر شیعرەکان تۆمار کراون، هیچ کێشەو ئاستەنگێکیان نییە.**

**٢- ئەو شیعرانەی وەك پارچەیێکی یەکگرتوو تۆمارکراون و لە سەرەوەی، یا لەگەڵ ناونیشانەکەی ناوی هەردوو شاعیر نووسراوە، کە ئەم شیعرە لە نووسینی (فلان و فلان) شاعیرە و هیچی تر.**

**لە کۆتایی باسەکەدا، بەچەند ئـەنجامێك گەیشـتووین و دواتـر کورتـەی باسـەکان بـەزمانی کـوردی، عـەرەبی و ئینگلیزی تۆمارکراون. سەرچاوەکانیش بەپێی پیتی ئەبجەدی بەدوای یەك ڕیز کراون.**

**دەسپێك**

**ئەوانەی ئاگاداری مێژووی ئەدەبی کوردین، ئەوان باش دەزانن شاعیرەکانمان چ هەوڵ و کۆششێکیانداوە، بۆ بەرەو پێش بردنی هونەرەکانی شیعر. شیعریش بەهەموو جۆر و هونەرەکانیەوە، بـۆ مـاوەیێکی زۆر درێـژ تاکـە کەناڵی ڕۆشنبیری و کەلتوور و شارستانی میللەتەکەمان بووە.**

**ئەو مەراق و غەمخۆرییەی شاعیرەکانمان، لە دانەبڕانیان لەم پرۆسە ژیارییە، شوێن پەنجەیان لە نێو نەخشەی گۆڕانکارییـەکانی ناوچـەکە دیـار و درەوشـاوەن. لـەم باسـە، هـەوڵ و دەسـڕەنگینی کۆمەڵـە شـاعیرێکی کـورد نیشاندراوە، کە توانیویانە ناونیشانێکی تازە، بە دنیای شیعری کوردیمان ببەخشن، سەرکەوتنیان لەو ئەزموونە نوێیە، خۆی لە خۆیدا داهێنانێکە بۆخۆی.**

ئەم باسە (ئەو شیعرانەی بە دوو شاعیر نووسراون) ئەو شیعرانە دەور دەکاتەوە کە بەرهەمی بیر و ڕوانگەی دوو شاعیرن، ئەم بابەتە لەگەڵ ئەوەی هیچ لایەکی لێ نەکراوەتەوە و باسی لێوە نەکراوە، لە قۆناغە سەرەتاکانی شیعری کوردیمان، ئەو مێژووە دێرینەی بۆ ئەدەبەکەمان تۆمار کردووە (مەلای جزیری و میر عیمادودینی جزیری)، (فەقێ تەیران و مەلای جزیری).

پاش پۆلێن کردنی شیعرەکان، دەرچوو ئەو هونەرە شیعرییە بە دوو جۆر لای شاعیرەکانمان پەیڕەو کراوە:

١- شیعرەکە سنووردارە و هەر شاعیرە و بەرامبەر بە بەرهەمەکەی ناوی خۆی تۆمار کردووە و خوێنەر دەزانی هەردوو شاعیر چ دەڵێن و چیان تۆمار کردووە.

٢- شیعرەکە وەك یککەییێك خۆی نیشاندەدا، ناوی هیچ کام لە دوو شاعیرەکان تۆمار نەکراوە و نازانین کامە دێر هی کامە شاعیرە، واتە: شیعرێکی تەواوە و ناوی دوو شاعیری لەسەر نووسراوە.

ئەو ناو تۆمار نەکردنە، وای کردووە ئەگەر بە سەلیقە یا (لەهجە، شێواز) شتێکمان بۆ ڕوون بێتەوە لە ناسینی شیعرەکە و گەڕاندنەوەی بۆ خاوەنەکەی.

* جزیری و میر دەڵێن:[1]

مەلا: سەلاما من ئەنا خوانی — سەحەرگەه[*]، گەوهەر ئەفشان بت

بصورەت ئەمری سوبحانی — سەر ئەلقاب و زەرئەفشان بت

بخدمەت عەرضی سوولتانی — عەبیرو عەنبەر ئەفشان بت[**]

میر: سەلاما صانعی قادر — مەلادا پێ موعططەر بێ

موفەررەح بێ مەلێ خاطر — پەیاپەی لێ موکەرەر بێ

ژ جاما خاطری عاطر — مە ژی ئایینە ئەنوەر بێ

٥٦٢

مەلا: ژ رەنگ ئایینەیا جامێ — مە باطن رەوشەن و صافە

دەرەمزا کوفرو ئیسلامێ — یەقین فەهمی تە کەششافە

ژ بەرقا نوری ئیلهامێ — درەخشان قاف تا قافە

میر: درەخشان درەخشان بو — سەنا بەرقی تەجەللایێ

دجامێ مەی بەلەخشان بو — بفەیروزی جەلا دایێ

وەکی لەعلی بەدەخشان بو — د دەستێ ماهسیمایێ

٥٦٣

مەلا: ژ بەحرا قولزوما میران — بغەوواصی گوهەر چینم

د بەحثا عیلمو تەفسیران تو دەریایان وەنابینم
ژ میرو بەگلەرو چیران غولامی میر ئەمادینم

میر: د باغی لەفظ و مەعنایی سوخەن من سەروی ئازادە
ژ ئیملائو ژ ئینشای مە لەوحێ دل نوما سادە
ژ حوسنێ رەونەقەک دایێ کو شیخ ئەحمەد مەئوستادە
٥٧٢

– تەوەری یەکەم:

– ئەو شیعرانەی خاوەنەکانیان دیارن: بۆ یەکەم جار مەلای جزیری ئەو جۆر و شێوازە سەرکەوتووەی، وەك ئەزموونێکی تازە هێناوەتە ناو دنیای شیعری کوردیمان.ئەو گفتوگۆیەی نێوان ئەو و میر عیمادوددینی جزیری، لە قەسیدەییێکی درێژ هاتووە، کە (٣٨) شەش (مالك) ـیین، مالك: واتە (کەردی بچووك بۆ سەوزی چاندن "دێراو بە تایبەتیش بۆ گوڵ"، کونی شەش گۆشەی ناو شانەی هەنگوین، بەیتی شیعر ... تاد)[٢] هەر شاعیرەو (١٩) شەش مالکی بەردەکەوێ. لەبەر درێژی قەسیدەکە، لە سەرەتا(٢×٢) و لەکۆتایی (١×١) شەش مالکیان وەکو نموونە لێ وەرگیراوە. ئێمە لە کوردەواری خۆماندا بەو جۆرە هونەرە دەڵێین: (کەو لە بەرامبەر کەوی دەخینی) یا بە واتایەکی تر یەك دەڵێ و ئەویتر تەواوی دەکا.

وەکو سەلیقە و هونەر، بە ڕاستی، مەلا و میری جزیری توانیویانە هونەرێکی نوێ و تازە، بە نەفەسێکی درێژ، لەو جۆرە بەرهەمە پێشکەش بکەن. ئەوەی ئێمە ئاگادارین، ئەم ئەزموونە لە داهێنانی مەلای جزیرییە و بەو شێوە و شێوازەی لەو باسەدا هاتووە.

بە خوێندنەوەی ئەو قەسیدەیە، خوێنەری ئاسایی و ئەوانەی چێژ لە شیعر وەردەگرن،دەزانن ئەو بەرهەمە لە چ ئاستێکی بەرزدایە، کارێکە لە داهێنانی شاعیری ئەفرێنەر.بە تایبەتیش لە ڕووی، ترپە و مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکە، سەروا و پاش سەرواکانی، هەموو کەرەسەکانی تری قەسیدەی سەرکەوتوو لە وشە و وێنەی هونەری شیعری ناوازە.

* فەقێ تەیران و جزیری دەڵێن:[٣]

فەقێ: سوئالا من حەقیری صەدەفەك تڤی کوتیکن
ئیرۆ کە لجزیری حەقە کو لمەلێ کن
هیلاك ژ دەریا تیری چدەرمان هەیە لێ کن
مەلا: سەلامێن ملیاکەتان بێ حەددو بێ حەسێبن

شوبهەتێن ئاڤێ شەتان ژ مەلا لميم و حێ بن
هيلاكێن ژ زەحمەتان دەرمان ژ لام و بێ بن
فەقێ: شەربەتا لام و بێ يان نادم ئەز وێ بحەياتێ
ئيظهار تكن مەعنى يان ژ حوسنا بوت ولاتێ
مەلا: ژ نەقشێ بت ولاتان مە سينە بوتخانەيە
تەعييونا صيفاتان تەجەللا د قەلبێ مەيە
عيدو شەڤێ بەراتان ژ وان را مە سەجدەيە
٥٧٤

فەقێ : بريندارى عيشقێ مە دورم ژ سيها بێهان
زانن مەدداحى كێمە د هەزارو يەكو سێهان
ئە نا خوانى (مەلێ) مە لە هەمو عەردو جێهان
مەلا: هيندى كو دگازەهەم دكێشم صەبرو حيرێ
شوبهەتى چەنگو ژەهم هيلاك ژ دەربا تيرێ
پـهنا خوانى فەقـەهم ئيرۆكـە د جـزيـرێ
٥٨٢

ئەم قەسيدەيە، فەقێ تەيران و مـەلاى جزيـرى پێكـەوە دايانـنـاوە، بـەلأم هـيچ بەڵگـە و زانيارييـەكمان بـە دەستەوە نييە و نازانين، كامە قەسيدە (مەلا و مير) يـا (فەقێ تەيران و مەلاى جزيرى) كامەيان پێشتر گوتراون. ئەوەندە هەيە، لە ڕووى كـێش (عـەرووز) و هونـەرەكانى تـرى شـيعرى، قەسـيدەى يەكـەم زۆر لـەم قەسـيدەيە پێشكەوتووترە. تۆمار كردنى (مەلا و مير) پێش (فەقێ تەيران و مەلاى جزيرى) لە ديوانەكەى جزيرى، ئـەوەش پێويستى لەسەر وەستانە. بلأم لەبەر ئەوەى مێژووى بەرهەمەكان نازانرێت، ئێمە هيچمان لەگەڵيان پێناكرێت.

ئەم قەسيدەيە، لەسەر كێشى بڕگە و پەنجەى نەتەوەييمانە (٧×٧) بڕگەيە. وەكو شيعرى هونەريش كێش و سەرواكەى، كەرەسەكانى ترى بەرەو شيعرى ميلليمان دەبەن و جيايە لەگەڵ قەسيدەى يەكەم، ئەم حاڵەتە بـۆ دوو ئەگەر دەگەڕێنمەوە:

١- كەمى ئەزموونى هەردوو شاعير.

٢- كاريگەرى بەشدارى فەقێ تەيران و شێوازەكەى.

* ملا مەنصوورى گێرگاشى و ملاى باتەيى دەڵێن:(٤)

گێرگاشى: سەلاما من سەحەرخێزى ل تە ئەى باتێ حەككارى

ژ شەهبازان شەکەرڕێزی        ژ عقـدا دوڕ و مـرواری
ژ مەوجـا فتنەئەنگێزی        ژ لوطفا خالقێ بـاری
بـاتەیی: ژ لـوطفی و عنایـاتێ        تویی مەنصوورێ رەحمانی
هەرە گۆشێ خەراباتێ        ببین فنجانێ خاقانی
ژ سیمایا بت ولاتێ        خویا بوو سررێ سولطانی
گێرگاشی: بەلێ باتەی دێ کوتاه کم        ژ ڤێ ئنشاو و مەعنایێ
ب حەققێ سوورەئێ قاف کم        ب وێ سەجدا د طاهایێ
مەجازێ عشقێ دێ صاف کم        مە دوڕ ئانین ژ دەریایێ
بـاتەیی: چ دوڕ بوو لەفظەکە خۆش بوو        د مەعنێ دا قەوی کوورە
قەلەم تە ژ عەنبرا ڕەش بوو        رەشاندی ڕوویێ کافوورە
شوکر خە طظی مە گول گەش بوو        منم مەدداحێ مەنصوورە

دیارە پاش بلاّو بوونەوەی قەسیدەکانی جزیری، مەلا مەنسووری گێرگاشی و مەلای باتەیی، پێکەوە، ئەوانیش بە قەسیدەییێکی درێژ لاسایی ئەزموونەکانی جزیرییان کردۆتەوە. قەسیدەکەیان (١٨) شەش مالکییە و بە
هەمان کێش و ترپە و مۆسیقای ناوەوە و ..... تاد، ئەم هونەرەیان دووبارە کردۆتەوە. وەکو نموونەش بۆ هەر شاعیرێك لە سەرەتا و کۆتاییدا بۆ هەر یەکێکیان یەك شەش مالکی وەرگیراوە.

* حسێن و جاهید دەڵێن:[٥]

حسێن: بەخێرهاتی بەخێرهاتی جەناب جاهید بە میوانی
دەمێ بوو چاوەڕوانت بووم دەسم کەوتی بە ئاسانی
جاهید: منیش موشتاقی ئەم شوێنەم دەمێکی زۆرە ئەی شێخم
لەسەرمان واجبە بۆ ئەم مەقامە خزمەتی جانی
حسێن: لەبەرچی ماوەیەك زۆرە نە دیاریتو نە نامەت نارد
وەکو جاران نەماوی تۆ ئەزانی یا نە نازانی
جاهید: بزانم یا نەزانم موخلیسێکی بێ وەفانیمە
دەمێکە دەرسی عەشقم خوێندووە بۆ عیلمی ئینسانی
حسێن: ئەزانم عاشقو شەیدای و وەکو صابر لەناو سەودای
بە ئوستادی عەشق ناسرای بە خۆت سوڵتانی مەیدانی

جاهید: برای دڵسۆزو شیرینم ئەدیبو شێخی دڵ پاکم
هەموو دەم حازرم بۆ تۆ لە بۆ شیعرو سوخندانی
حسێن: ئەڵێن ئێستاکە گۆڕاوی لە مەی دوورو لە نەی تۆراو
لەسەر ڕێبازەکەی مامت نەماوی حەزرەتی (کانی)
جاهید: منم جاهید لە دونیای خۆم لە ناو بەحرێکی بێ بن بووم
نە (کانی) هاتە هاوارم نە روبارو بیابانی
حسێن: حسێنی ئالی بەرزنجی قوتابی بەردەستی خۆتە
نەکەی هەرگیز لەبیری کەی کە تۆ دڵسۆزی شێخانی
٢٩٤

شیعر بە بێ کێش و سەروا، بەها شیعرییەکەی لە دەست دەدا. کێش و سەرواش ئەو هێـزو توانایـەیان نییـە قسەی عادەتی و ئاسایی بکەن بە شیعر. بەبێ غەم و مەراق، ژان و سووتان شیعری پڕ لە داهێنان لە دایك نابێت.

– تەوەری دووەم:

– ئەو شیعرانەی تەنیا ناوی دوو شاعیری لەسەرەوە تۆمارکراوە، بەبێ هیچ ئاماژەو ئیشارەیێك، نموونەی چەند حاڵەتێك نیشان دەدەین:

* شێخ نووری شێخ سالح و عەلی کەمال باپیر دەڵێن:(٦)
وا موبەدەل بوو بەخۆشی دەوری ئیزمیحلالی کورد
خاتیمەی هات و نەما، ئەیامی ئیستیزلالی کورد
بۆ گەیشتن بەم دەمە، بەم ڕۆژە بوو، ئامالی کورد
حەمدی بێ حەدد بوو، خودا دیم ڕۆژی ئیستیقلالی کورد
پڕ زیا و ڕەخشندە هەڵهات کەوکەبی ئیقبالی کورد
* * * *

قاپی ڕەحمەت گوشادە، دەرکی زیللەت داخرا
چونکە مەحموودێ لەسەر تەختی عەدالەت دانرا
موژدە بێ ئەی قەومی کورد، نووری سەعادەت هەڵکرا
پەردەیی تاریك و دەیجووری مەرارەت لادرا
ڕۆژی ئازادی هەڵات، ڕووناکە ئیستیقبالی کورد
* * * *

میللەتێکی وا قەدیم، قەومیکی مەشهووری جیهان
مالکی خاك و وەتەن، ساحیبی تەئریخ و زیان
عەیبە ئیتر خزمەتی خەڵقی، لە زیللەتدا ژیان
بەسیە ئەی خزمینە بوغزو کینە، با یەکدڵ بە جان
تێبکۆشین بۆ تەرەقی شەوکەوت و ئیجلالی کورد

* * * *

نۆبەتی سەعییە، ئیستیقلالە، ڕۆژی خورەمی و ئازادییە
جەژنی ئیستیقلالە، ڕۆژی خورەمی و ئازادییە
قەومی بێ ئیدراك وبێ حس، بیّ بەش و بێ قسمەتە
تێبفکرە میللەتی غەییورە، ساحیب عیزەتە
ئەمڕۆ ڕۆژی سەعی و تێکۆشینە، وەقتی غیرەتە

* * * *

یەك نەفس غافڵ مەبن، هەڵسن براگەڵ فرسەتە
بۆ تەعالی جەدو جەهدێ کەن، زەمانی غیرەتە
ڕۆژی سەربەستی، زەمانی عەیش و نۆش و عوشرەتە
ئەی جوانانی وەتەن، ڕۆژی تەرەقی میللەتە
قەومی کورد، ئیتر نەجاتی بوو لەدەس ئەم زیللەتە

* * * *

هەرچی باش و چاکە بیکەی، وەقتی سەرفی هیمەتە
هەچ کەسێ کۆشش نەکا، ڕاستت ئەوێ بێ مروەتە
وەقتی تێکۆشینە، ڕۆژی ئیستیقامەت، عیفەتە
مەقسەدی کورد هەر تەرەقی دینی ئیسلامییەتە
سا دەخیلتان بم، زەمانی ئیتیحاد و ئولفەتە

* * * *

ئەمڕۆ ڕۆژێکی بڵند و گەورە و ذی قیمەتە
یار و یاوەرمان بەبێ شك ڕۆحی پاکی حەزرەتە
ڕۆژی ئازادی هەموو کوردانە، جەژنە، شادییە
جەژنی ئیستیقلالە، ئەمجا نۆبەتی ئازادییە

مورشیدان، ئەی ئەو خەلیفانەی تەریقەت دائەدەن

*   *   *   *

ئەی مەلا ئیتر لەسەر فیکری عەتالەت دەربکەن
گەر سەوابی ڕۆژی حەشرت لازمە بێ دەردی تەن
بێتەوە پڕ عەیش و پڕ شەوق و مەسەڕڕەت، شۆخ و شەن
بۆ تەعالی قەومی خۆتان هیمەت و غیرەت بکەن
بەسیەتی ئەی شاعیران تەعریفی خەت، چاهی ذەقەن

*   *   *   *

بەسیەتی مەئموور، ئیتر باسی مەعاشم بۆ مەکەن
بۆ وەتەن بۆ دین و میللەت، بێن نەسیحەت دابدەن
بۆ تەرقی میللەت، ئێوە با بکەن سەرفی بەدەن
سەد شوکر لاچوو لە ئاوێنەی دڵا، ڕەنگی میحنەن
بەسیەتی دەردی نیفاق و شۆڕش و بوغز و فیتەن

*   *   *   *

عەیبە با ببڕێتەوە کیبر و حەسادەت (ما)و (من)
ئێوە نازانن هەموو ئەولادی ئەم شاخ و دەرەن
ئەی جوانان، ئەی خیرەدمەندانی ساحێب عیلم و فەن
ئەی عزیزان، ئەی نەجیبانی جگەرگۆشەی وەتەن
ڕۆژی سەعی و غیرەتە، هەنگامی کەیف و شادییە

*   *   *   *

جەژنی ئیستیقلالە، ئەمجا نۆبەتی ئازادییە

٤٨٩

ئەم قەسیدەیە (١٠×٥) نیوە دێرە، نیوە دێری کۆتایی بە هەڵە تۆمار کراوە
( جەژنی ئیستیقلالە، ئەمجا نۆبەتی ئازادییە )

کێشەکەی ( ڕەمەڵی هەشت هەنگاوی مەحزووفە یا مەقسورە ). ئەوەی جێی سەرنج و تێبینییە تەشکیلەی سەرواکەیەتی، کە بە شێوەیەکی سەیر و بەر چاو، بە جۆرە گۆڕانێك خۆی دەنوێنێ. سێ کۆپلەی بەرایی وەکو پێنجینن و یەکەمیان موڕەددەفەو پاش سەرواکەی وشەی (کورد)ە، هەر (دە) حاڵەتەکان لەو خشتەیە نیشاندراون.

یەکەم دووەم سێیەم چوارەم پێنجەم شەش حەفت هەشت نۆ دە

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| أ | ب | ج | أ | أ | أ | أ | أ | أ | أ |
| أ | ب | ج | أ | أ | أ | أ | أ | أ | أ |
| أ | ب | ج | ب | أ | أ | ب | أ | أ | أ |
| أ | ب | ج | ب | أ | أ | ب | أ | أ | أ |
| أ | أ | أ | ب | أ | أ | ج | أ | أ | ب |

ئەو گۆڕانکاریی و یاری کردنە بە سەروا ، چەند هەڵوەستەیێك هەڵدەگرن:

١- نیشاندانی تازەکردنەوەی سەروا بە کەرەسەی کۆن و لە قەسیدەیێکی عەرووزی کلاسیکدا. فرە حاڵەتی لێ تۆمار کراوە، بەڕاستی بۆ ئەو کاتە شتێکی یەکجار تازەو نوێ بووە.

٢- ئەو قەسیدەیە بە ( مخمس) پێنجین هاتووە و وردە وردە سەرواکەی توشی ئەو گۆڕانانە بووە، ئەمەش ئەوەی لێدەفامرێتەوە بتوانیین خاوەنەکانیان بناسبنەوە و حەددو سنووری هەردوو شاعیر ئاشکراو دیار بێت.

* دڵدار و جاهید دەڵێن:(٧)

ڕانیە (١٩٤٣)

شەهبازی یا شەهێنی، شاهی یا شەهلاری تۆ

بێ دڵی بێ مروەتی عاشق کوژی خوینخواری تۆ

زاڵمی غارەتگەری تالآن بەری تۆ بۆ گیان ودڵ

لەشکری تاتاریە دوو زوڵفەکەی تاتاری تۆ

حاکمێکی مەستو بێباکی ئەبەد رەحمت نی یە

مائیلی (فتانیە) دوو چاوەکەی سەحاری تۆ

ئەنوەرە بۆ گشتی عالەم زوڵمەتی دوو زوڵفەکەت

زوڵمەتە بۆ من بە تەنها ئەنوەری ڕوخساری تۆ

بەسیەتی جا ئەی سەنەم با باری میحنەت لابەرین

کەعبە کەچ نابێ کە ساتێ بێینە نێو گوڵزاری تۆ

مەجلیس مەستی ببەستین خۆمو خۆت ئەی نازەنین

کەی ئەبێ جارێ ببم من مەستی شەککەرباری تۆ . . .

قەت نەکەی (جاهد) مەدەد لەم شۆخی وا کەچ مەزهەبە

چونکە (دڵدارم) ئەزانم نایەتە هاواری تۆ . . .

١٧٧

دلّدار و جاهيد پێكەوە بەشدار بوونە لەم غەزەلە حەفت دێرییە بە دووان باس لە كەسێكی خۆشەویست دەكەن ، ئەوەی سیفەتی باشەو چاكەیە تێیدانییە. هەموو ئەمانەش بە كەرەسەو وێنەی شیعری دەربڕاون.

* دیسان دەڵێن:(٨)

(كانی ! !)

ئەنفیەت (كانی) دەڵێن مسكو گوڵاوی تێكەڵە
دار وەكازیشت لە دارستانی گوندی هەرتەلە
باش ئەكەی تەقلیدی لەنجەی قازی شابازە شەلە
مەیلی ئەشعارت وەكو جارانە ئایا ئەم حەلە؟
* * *
بیستبووم ساحیب ذەوق بووی سوحبەتت خۆش بوو بەتام
مەجلیست دائیم بەمەی ئەرشاند شەوو رۆژ بی ددەوام
خۆش قسەو خۆش ڕوو و خۆش خوو موزحیكو شیرین كەلام
سەد (معاذ الله) كە ئێستا بووی بە سۆفی دەرگەلە
* * *
با ڕەواندز جا لەمەولا قوڕ بپێوێن سەربەسەر
كانێكی دوڕگەوهەر وا لەنێوی چویتە دەر
شاری هەولێرت مونیر كرد ئەی شەبوسانی هونەر
(ئاغە) گەلدی چاغرن ئایشۆكی وێرسون هەلهەلە
* * *
جا لە نێو پاش هەركە شەو دێ پاشی تەسبیح و سەلات
پر ئەدەیتە داستانی (قەیسو لەیلا) و عەسات
وا دەزانی چاوە دێرن مەجلیسی (پاشا) لەرات
ووشكە ڕۆنیت(*) نەماوە ئێستا بوویتە هەروەلە
* * *
(ئیشدن جانم) دەڵێی (من بعد) قاوەك فڕ ئەكەیت
عەینەكە نایابەكەت ئینجا لە نێو كیف دەر ئەخەیت
(دون كیجە بز نێردە قالدق) پێت دەڵێن، دەست پێ ئەكەیت
جا لە بەحری ووشكی فیكرەت دەست ئەكەیتە پێمەلە
* * *
قوڕ بەسەر مەجنون چ هەتكێكت بە لەیلا كردووە

قوڕ بەسەر لەیلا کە قەیست سووکو ڕیسوا کردووە
قوڕ بەسەر من تاکو ئێستا شاعریت وا کردووە
تا (فضولی) سوٚلیوٚر (کانی) نەدر شو مەهزەلە
* * *
سەن دەخی ئاغا بزی بیر بویلە مەدح (ریت) شاعری
توٚ لە کویٚ ئینشا هەی کوٚنە سوٚفی قادری
کوٚنە دەروێشی ئەزانم تەقلەبازی ماعیری
شمدیلك بستر ئەفەندم یوقسە چوق قالمش هەلە
٢٠٨

دڵدار و جاهید لە ڕانیەوە، ساڵی (١٩٤٥) پێکەوە شیعرێکی حەفت دوو بەیتی بۆ کانی شاعیر دەنێرن . شیعرێکە بە دوو زمانی تێکەڵ نووسراوە ( کوردی و تورکی ) . شیعرەکە بۆن و بەرامەی ( ساتیری) بە سەردا کراوە، باس لە هەندێ خەسڵەت و کەسیەتی عەبدولجەببار ئاغای ( کانی) دەکەن، کە دەکاتە مامی جاهید. ئەوەی ئێمە تێبینیمان کردووە، دوو بەیتی یەکەم لە نووسینی جاهیدەو دووەم هی دڵدارە. بەواتایەکی تر (١، ٣، ٥، ٧) هی جاهیدن،
(٢، ٤، ٦) لە نووسینی دڵدارە.
* بێبەش و جاهید دەڵێن:[٩]
ئەگەر سەرمایە سەرمایە بەبێ سەرمایە هیچ ناکات
ئەگەر سەرمایە بێ حوببت نەجاتت کەی دەبێ هەیهات
ئەدیبو شاعیری کوردم ئەمن سەرمایەکەم شیعرە
شعورو فەلسەفەو بەیتم لە بۆ تۆ وا ئەکا ئیسپات
چ سەرما بێ چ گەرما بێ هەمووی ضایع ئەبێ ئاخر
ژیان بۆ ئەو کەسە باشە کە ڕۆژێ تێك نەدا ئەوقات
هەموو سەرمایەکەم شیعرە بەماڵ و موڵکی تۆ نادەم
نەماڵم ماڵە ئەی عاقل نە موڵکم موڵکە زۆر جارهات
بەسەرما نابەزم چونکە ئەمن سەرمایەکەم گەرمە
بەگەرمی لێم بخوازە چاوەکەم هەرچی ئەڵێی بۆت هات
هەزار سەرمایەدارم دی بە ئاخر بوونە خاکو خۆڵ
بەناحەق یا بەناعەدلی بە ئامانجی چ کەس ناگات
ئەمن سەرمایەدارێکم بە (بێ بەش) شوهرەتم داوە
لەناو ئەو داوە رزگار بێ بەحەققی جاهیدی ژێرپات
١٧

ئەم حەفت دێرەش، بێبەش و جاهید بەهاوبەشی دایانناوە.هەردوو شاعیر باس لەهەندێ دیاردەی ژیان و دژیەککەکان دەکەن. هەندێ پرسی تایبەت و پەیوەندار بەخودی خۆیان.گەمە و گاڵتەی ڕەوانبێژیان بەوشەی سەرماو سەرمایە و ..... تاد کردووە.
* عەونی و دڵدار دەڵێن:[١٠]

(دڵ)

دڵ لە بەینی تەڵعەتی ڕوو و زوڵفەکەی دەیجووورتە
گاهێ مەیلی شەو ئەکات و گاهێ مەیلی نوورتە
بەحری عوممانی سروشکم وا بەدەم گریانەوە
پڕ لە دانەی گەوهەرە هەم لەعلی وێنەی سوورتە
بادەکەت پڕ ژەهری مار بێ، بیدە پێم نۆشی دەکەم
چونکە گەر بعم هێند موطیعە بەندەیی مەیسوورتە
سا ئەزانی چەند پەشێوە ئەو دڵەی بیماری من
پەی کراوی تیری غەمزەی چاوەکەی مەخموورتە !
ئاسمانی حوسنی ڕوخسارت لە ئەبرۆ و چەرخی ڕوو
تاقی ئەبرۆت دوو هیلال و چەرخی کوڵمەی خۆرتە
خونچەکەی نەشکفتەیی لێوت لە باخی مەقصەدم
تا دەمی پشکوتنی دڵ بولبولی مەنظوورتە !
ئارەزووی ئەم شیعرە (دڵدار) تۆ لە (عەونی) بۆ دەکەی
چونکە ئەم غەمبارە دایم بۆ وەتەن مەجبوورتە ! !
٣٨٣

ئەم حەفت دێرەی دڵدار و عەونی، باس لە ئافرەتێکی نێو شیعری کلاسیکی کوردی دەکەن، کە پڕاوپڕە لەو سیفەتانەی شاعیرانی کلاسیکمان لە شیعرەکانیان بە خۆشەویستەکانیان بە خشیون.

* دیسان دەڵێن:[11]

فەلەك

ئەوی کەس بێ فەلەك دایم لە خوێنی خۆی دەگەوزێنێ
کە پەنجەی شێری نەگبەت هات ڕەگی ئاساری دەردێنێ
لە ژێر پەردەی سەفا بەخشی، لەساقی بێ دەسی گەردون
بە خۆشی مەی هەزار عاقڵ خەیاڵاتی خەمی دێنی
کە تاڵع ڕۆیی نیگبەت هات، تەبیعەت قاعیدەی وایە
لە چیمەن دا چەقەڵ هەڵسێ ئەبێ شێرێکی بشکێنی !
لەسایەی بەختی بەد بەختی زەمانە هەرکەسێ کەس بێ
نەمامی داری ئومێدی بەسەد میحنەت ئەلەرزێنی
دەساتیرەی بەشەر سەیرێ لەپەردەی سینەمای ژینا
بە ڕەنگی سووری خوێنیٚ گەش چ گوڵگون ڕەنگی دەنوێنی
غەرق بوونی هەموو کەس هەر لەنێو ئاوە بەڵام بۆ من
بە عەکسی قاعیدەی عالەم هەوا ماسی دەخنکێنی
ئەگەر چی خوێن ڕژان ناخۆشە ئەمما من لە لام خۆشە
ئەگەر خوێنی ڕژا ئەمڕۆ سبەینێ لالە ئەڕوێنی
لە نێو دنیای ئەمەل (عەونی) بە عەزمێك و نەشاگێ بە

دەسا فەرزە ئەتۆش (دڵدار) دڵی سستیت بفەوتێنی!
٣٨٤

دیسان بە دووان و لە هەشت دێرە شیعردا، هەندێ شتیان ورووژاندووە، کە پێچەوانەی هەموو عورف و عادەتەکانی نێو دڵ و دەروون و مێشکی شاعیرەکانمانن.هەتا شتە سەیر و سەمەرەکانی نێو کۆمەڵ و شتە خوار و ناشیرینەکان بمێنن، گلەیی و گازاندەکانی شاعیران، یا هات و هاواریان بە کۆتا نایێن.

* جاهید و قانیع دەڵێن:(١٢)

قانیعم فەلەك چەرخی کردووم
جاهیدم عەقڵ و هۆشی بردووم
گەرچی لە قەیدا زندوو حیسابم
وەك شێت و شەیدا بۆ خۆم مردووم
شکایەت دەکەم شێخ عبدلقادر
لەم چەرخە عەقڵی کە لێ سەندوم
مەرقەدی پاکت دەخاڵەتگاهە
بەم جێگە پاکە پشتم بەستوم
رزگارمان بکەی، فرسەتمان بدەی
عەفوومان بکەی، لەوەی کردوم
بۆمان روونبکەی دونیاو ئاخیرەت
چاوم لەرێیە من نەخەوتوم
گەرچی تاقەت و هێزم نەماوە
بەڵام هەر بەرزم، دانەکەوتوم
٩٥

ئەم شیعرە کێشەکەی تەواو نییە، لەوانەیە ئەمە بۆ هەڵەی چاپی بگەڕێتەوە. لەنیوە دێری یەکەم ناوی قانیع هاتووە، لەنیوە دێری ناوی جاهید هاتووە.ئایا ئەمانە ئەوەیان لێ نافامرێتەوە کە هەر یەکەیان نیوە بەیتێکیان نووسی بێت! ئایا نیوە بەیتە جووتەکان بۆنی لەهجەی هەولێری لێ نایێت.

ئەنجام

پاش خوێندنەوەی باسەکە، بەو ئەنجامانەی خوارەوە دەگەین و لەچەند خاڵێك چڕیان دەکەینەوە:

١- بابەت و کەرەسەی لێکۆڵینەوەکە وەك سەرەتا زۆر کۆنە، لە مەلای جزیرییەوە دەسپێدەکات. (لە دیوانەکەیدا، دوو نموونە بەرچاو دەکەوێت)

٢- ئەو شیعرانەی ناوی شاعیرەکانی بەرامبەر بەدێرەکان تۆمار کراوە، هیچ گرێ و کێشەییکیان نییە، بۆ ناسینەوەی خاوەنەکانیان.

٣- شاعیرەکانمان توانیویانە، بەو جۆرە شیعرانە لە هەوڵەکانیان بەردەوام بن بۆ زیاد کردنی ژمارە یا ناونیشانی تر بۆ هونەرە شیعرییەکانمان.

٤- ئەم هونەرە شیعرییە، پێشەنگی شاعیرانی کورد بۆ ئەم بابەتە بەدیار دەخا، لەوەی کە ئەوانیش بەرامبەر بەگۆڕانکارییەکانی دنیای شیعر دەستەوەستان نەوەستن و لە کۆششەکانیان بەردەوام بن.

٥- جاهید لەم بابەتە شیعرییە پشکی شێری بەرکەوتووە.

هیوادارم بەم باسەم، توانیبێتم خزمەتێکی کەمی ئەدەبی کوردیم کردبێت.

پەراوێزو سەرچاوەکان


(١) جزیری (دیوان)، هەژار شەرحی لێکردوە، چاپی یەکەم، سروش، تەهران، ١٣٦١، ل٥٦٢، ٥٦٣، ٥٧٢، ٥٧٤، ٥٨٢.

(*) سەحەرگەھ ...

(**) شیعرەکان وەکو خۆیان، بەبێ دەسکاری تۆمار کراون.

(٢) هەژار، هەنبانە بۆرینە، چاپ اول، سروش، تهران، ١٣٦٩.

(٣) هەمان سەرچاوە.

(٤) ملایێ باتەیی (ژیان و بەرهەم)، چاپا دووێ، کۆمکرن و ڤەوژارتنا: تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، محسین ئیبراهیم دۆسکی، دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشانێ، دهۆك، ٢٠٠٥، ل١٨٤.

(٥) صابری (دیوان)، کۆکردنەوەی شێخ عەبدولڕەحمان شێخ نەجمەدین صابری، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاسیا، کەرکوك، ٢٠٠٨، ل٢٩٤.

(٦) نووری شێخ سالّح" شێخ" (دیوان)، ئازاد عەبدولواحید کۆی کردۆتەوە و ساغی کردۆتەوە و لە سەری نووسیوە، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٤٨٩.

(٧) عبدالخالق علاءالدین، دلّدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد (مطابع دار افاق عربیة للصحافة والنشر)، بەغدا، ٩٨٥، ل١٧٧.

(٨) هەمان سەرچاوە، ل٢٠٨.

(*) ڕۆنیت، هەڵەی چاپە، (ڕۆیینت) ـە و لەگەڵ وشەی (هەروەلە) ڕێك دێت.

(٩) بێ بەش (دیوان)، بەرگی سێیەم، (مدیریة مطبعة الثقافة و الشباب)، هەولێر، ١٩٨٨، ل١٧.

(١٠) عەونی (دیوان)، لەسەر ئەرکی فەرهاد عەونی چاپکراوە و .... چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١.

(١١) هەمان سەرچاوە، ل٣٨٤.

(١٢) مەحموود زامدار، جاهید بگەڕێ، بەڕێوەبەری بلاوکردنەوەی هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٠، ل٩٥.


## الأشعار التي نظمها شاعران

### خلاصة البحث


هذ البحث الموسوم بـ(الأشعار التي نظمها شاعران) يُركِّزُ جهدَه على موضوع جديد ذي أهمية في مضمار تطوير الشعر الكوردي وإثراء فنونه.يثيرُ هذا البحثُ بدايةً موضوعاً قديماً جِدّاً في الشعر الكوردي، وهو موضوع لم يُكتَب عن شيءٌ إلى الآن، ولم يتناولْهُ أحَدٌ بالبحث والدراسة.من الواضح أن بحوثاً كهذا البحث من شأنها أن تصبح سبباً في اتساع رُقْعة دراساتنا الأدبية الكوردية، ودافعاً لمزيد من النمو للفنون الشعرية المنضوية تحت لوائه.


## twin-authored poems


**Asst.Prof.Dr.Abdullah Khidir Mawlud**



**Abstract**

This paper entitled " twin-authored poems" which is a new subject and plays a significant role in promoting and increasing the poetic genres. At first , the paper attracts attention to an old-rooted Kurdish poetic subject never been tackled previously. Such papers, clearly , broaden the scope of Kurdish literary studies and develops our poetic genres at the same time.